# پێگەی ژن لەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکاندا
## توێژینەوەیەکی شیکارییە

م .ی بەنازحمەڕشید حسن م .ی تەلار أحمد
زانکۆی سلێمانی
کولێجی زانستی مرۆڤایەتی

**پێشەکی**

هەرچەندە لەکۆنەوە ژنان پێبەپێی پیاوان کاریان کردوەو جێدەستیان دیاربووە لە نێوکۆمەڵدا ، ژنانی کۆمەڵی کوردیش هیچیان کەمتر نەبوە لە پیاوان و ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە ، بەڵام چەندین فاکتەری وەك بەها و داب و نەریتە کۆمەلاّیەتییەکان وایانکردووە کە پێگەی ژن نایەکسان بێت لە نموونەی ئەو بەهایانەش ، زاڵبوونی پیاوە بەسەر ژنداو ملکەچبونی ژن وگوێڕایەڵبوونی بۆ پیاو و فەرزکردنی نێرینە بەسەر مێینەدا و زوو بەشودان و گەورەبەبچوك و، نەبونی مافی هەلبژاردنی هاوژین و ئەو بیروباوەڕانەی کەدەڵێت ژن جێگای هەر ماڵەوەیە،،کۆمەڵی کوردیش بەدەر نییە لە کۆمەڵەکانی تر کۆمەڵێکی پیاو سالارییەو بەچاوی گومانەوە سەیری توانای ژن وبەشداریکردنی کارای لە لایەنە کۆمەلاّیەتی و گشتییەکاندا دەکات ، بنەمای ئەم تێڕوانین و بیروباوەڕو بەهایانە بۆ هەریەکە لەژن و پیاو بەرهەمی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلاّیەتییە لە ناو خێزان و دامەزراوەکانی تری وەك( خوێندنگاو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هتد ...) بونی پێگەی ژن لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا چ لە ڕووی کارکردن و چ لە ڕووی بونیان و هەل پێدانیان لە نێو بەرنامەکان و وەرگرتنی پلە کارگێڕییەکاندا بە شێوەیەکی کارا جێدەستیان دیاربێت دانپیانانە بە توانای ژن ، هەل پێدانیان لە بەرنامە گفتوگۆییەکانی بابەت و دۆسیە گەرمەکان زۆرگرنگن چونکە ژنانیش خاوەنی بیرو ڕاو بۆچونی خۆیانن نابێت فەرامۆشبکرێن و کەمترین هەلیان پێبدرێت ، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە پێگەی ژن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەربخات و توێژەران دەیانەوێت بزانن ژن چەند پێگەی هەیە وەك ڕاگەیاندنکارو لە نێو بەرنامەکان و لە ناو دەزگا دا ، بەبەکارهێنانی میتۆدی شیکاری بۆ (٣) کەناڵ ووەرگرتنی (٣) بەرنامەی گفتوگۆیی ، وەك سامپڵ و کۆمەڵی توێژینەوە ، و دیاریکردنی چەند ئامانجێك و چەند گریمانەیەك ، هەروەها گەیشتن بەدەرەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەکان .

**یەکەم : میتۆدنامە**

**کێشەی توێژینەوەو پرسیارەکانی:**

**بیرۆکەی توێژینەوە لە بەتاڵیەوە نایەت هەتا بە بەتاڵیش کۆتایی نەیەت، ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییەی توێژینەوەی زانستی جیادەکاتەوە بونی کێشەی گرنگ ودیاریکراوە و پێویستی بە توێژەرێکە هەتا دیراسەی بکات و لایەنەکانی شیبکاتەوەو تا بتوانرێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە[1]، کێشەی ئەم توێژینەوەیەش خۆی لە پرسی جێندەردا دەبینێتەوە لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان وبەرنامە گفتوگۆییەکاندا ، لە ڕووی ژمارەی میوانی ژنان و پسپۆڕی و بابەتەکانی پەیوەستن بە ژیانی ژنان و کێشەکانیان لە نێو بەرنامەی دەسەڵاتی چوارەم لە کەناڵی کوردسات نیوز ، لەگەڵ ڕەنج لە کەناڵی روداوو ، مژار لە کەناڵی سپێدە ، کێشەکانیش چەندین پرسیار لەخۆ دەگرێت:**

**١-رێژەی بونی ژنانی پەیامنێر ، بێژەرو پێشکەشکار ، هەواڵساز ، پلەی کارگێڕی چەندە ؟**

**٢- میوانە پسپۆڕەکانی نێو بەرنامەی (دەسەڵاتی چوارەم لە کەناڵی کوردسات نیوز و لەگەڵ ڕەنج لە کەناڵی روداوو و، مژار لە کەناڵی سپێدە) بەپێی ڕەگەز چەندن و ڕەگەزی مێینە چەندە؟**

**٣- جۆری بابەتەکانی نێو بەرنامەی (دەسەڵاتی چوارەم لە کەناڵی کوردسات نیوز و لەگەڵ ڕەنج لە کەناڵی روداوو و، مژار لە کەناڵی سپێدە) بەپێی دوبارەبونەوە چەندن؟**

**٤-هەرسێ کەناڵ بەرنامەکانیان پێشکەشکارو ئامادەکارەکان چ ڕەگەزێکە؟**

**گرنگی توێژینەوە:**

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە گرنگی پرسی جێندەر لە بەرنامەی گفتوگۆ ئامێز لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکاندا دەردەخات ، ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ کەناڵەکەو بۆ خودی هەر سێ بەرنامەکەو ، هەروەها بۆ کۆمەڵگاکەمان تا لەنزیکەوە بزانین تاچەن گرنگی بە پرسی جێندەرو ژنان دراوە .**

**ئامانجی توێژینەوە:**

**هەمو توێژینەوەیەك تا بەهای زانستی هەبێت دەبێت ئامانجی هەبێت ، توێژینەوە هۆکارێکە وا لە توێژەر دەکات ئەو توێژینەوەیە بکات ، ئامانجی هەر توێژینەوەیەك ڕونکردنەوەی بۆچی توێژەر ئەو توێژینەوەیە دەکات ؟دەیەوێ بەچی بگات؟[2]، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتی یە لە :**

**١-زانینی ڕێژەی بونی ژنانی پەیامنێر ، بێژەرو پێشکەشکار ، هەواڵساز ، پلەی کارگێڕی .**

**٢-زانینی میوانە پسپۆڕەکانی نێو بەرنامەی (دەسەڵاتی چوارەم لە کەناڵی کوردسات نیوز و لەگەڵ ڕەنج لە کەناڵی ڕوداوو ، مژار لە کەناڵی سپێدە) بەپێی ڕەگەز چەندن و ڕەگەزی مێینە .**

**٣-زانینی جۆری بابەتەکانی نێو بەرنامەی (دەسەڵاتی چوارەم لە کەناڵی کوردسات نیوز، لەگەڵ ڕەنج لە کەناڵی ڕوداوو ، مژار لە کەناڵی سپێدە) بەپێی دوبارەبونەوە .**

**٤- زانینی هەرسێ کەناڵ بەرنامەکانیان پێشکەشکارو ئامادەکردنەکانیان بە پێی ڕەگەز .**

**سنوری توێژینەوە:**

[1] محمد منير حجاب ، أساسيات البحوث الاعلامية والاجتماعية ، دار الفجر لنشر والتوزيع ، ط٣ ، ٢٠٠٦ ،القاهرة،لا٣١٧

[2] محمد منير حجاب ، هةمان سةرضاوة، لا٣٩٧ .

١-بواری کات: توێژەر لەم توێژینەوەیەدا (٣) مانگی لە ئەلقەکانی بەرنامەی مژارو لەگەڵ رەنج و دەسەلاتی چوارەم وەرگرت

٢- بواری بابەتی : پێکدێت لە سەرجەم لەوبابەتانەی کە لەنێو ئەڵقەوەرگیراوەکانی بەرنامەکەدان .

٣-بواری شوێن : ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر ( ٣) کەناڵ دەکات لە شاری هەولێرو سلێمانی

**کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوە:**

بریتی یە لە (٣) کەناڵی وەك rudaw، kurdsatnews ، speda ، ،لەهەمان کاتیشدا شیکردنەوەی وەسف بۆ هەرسێ بەرنامەی (دەسەڵاتی چوارەم ، لەگەڵ ڕەنج ، مژار) وەك سامپڵی توێژینەوە بۆ بەرنامە گفتوگۆییەکان .

**میتودی توێژینەوە :**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا میتودی وەسفیە لە جۆری شیکاری بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە بۆ کەناڵەکان و شیکاری ناوەڕۆکیش بۆ هەر سێ بەرنامە گفتوگۆکان، بە وەرگرتنی ٣ مانگ واتا وەرزێك لە ٢٠١٦/١/١ تا ٢٠١٦/٣/٣١ بۆ هەر سێ بەرنامەکە و بەکارهێنانی چەند یەکەیەکی وەك پسپۆری و ڕەگەز و بابەت کە توێژەران لە ڕوی مەنهەجەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن [٣] .

**ئامرازی بەکارهێنراوی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەستان بە دروستکردنی فۆڕمی شیکاری بەسود وەرگرتن لە بەشی تیۆری بینینی ئەڵقەوەرگیراوەکنی بەرنامەکە وپەیوەندیکردن بە بەشی پەیوەندییەکانی هەرسێ کەناڵەوە بۆ دەستکەوتنی ئەوزانیاریانەی کە پێویستن بۆ توێژینەوەکە

**ڕاستگۆیی**

گرتنەبەری ڕێگای ڕواڵەتە ڕاستی ، یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە ی مەیدانی ، بەمانای پێوانەکردن کە توێژەر دەیەوێت پێوانەی بکات ، واتا تاچەند ئەو شێوازەی بەکاردێت بۆ پێوانەکردن ئەو زانیارییانە کۆدەکاتەوە کە توێژەر پێویستێتی [٤]، ڕاستگۆیی ئەم توێژینەوەیەش پێکدێت لە دروستکردنی فۆرمی شیکاری بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانی توێژینەوە و نیشاندانی چەند مامۆستایەکی بەشی ڕاگەیاندن [٥] .

**چەمکەکانی توێژینەوە:**

ژن :ژن مرۆڤێکە لە ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی ، ڕەگەز دەربرینێکی گشتی یە و دوو مانا دەبەخشێت نێرو مێ ، نێر وەك مێ نیەو هەردوکیان یەکتری تەواو دەکەن وەك لە قورئانی پیرۆزدا و لە سورەتی ال عمران(٣٦)دا هاتوە " ولیس الذکر کالأنثی"، هەریەکەیان خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە پێکهاتەی ئەندامەکانی جەستە وئەرکەکانیدا کە جیاوازە لەوی تر[٦].

---

[٣] محمد عبدالحمید / البحث العلمی فی الدراسات الاعلامیة ، علاکتب ،قاهرة ٢٠٠٠،لا ١٣٣ .

[٤] محمد منیر حجاب ، سەرچاوەی پێشو ، ص١٥٦.

أ -حبیب مالله ابراهیم، پ ،ی ،بەشی ڕاگەیاندن ، زانکۆی سەلاحەدین

ب- سەلام نصرالدین ماموستا ،بەشی ڕاگەیاندن ، زانکۆی سلێمانی

ج- بەهات حسیب ،ماموستا لە بەشی راگەیاندن ،زانکوی سەلاحەدین .

[٦] حسین عبدالحمید احمد ، علم اجتماع المراة ، مکتب الجامعی الحدیث ،القاهرة ، ١٩٩٨ ، لا٢

پرس (مسألە) : لە ڕووی زمانەوە بە واتای مسألە(پرس ) یان قضیة یان مشکلە(کێشە) دێت کە بە ئینگلیزییەکەی frage دێت [٧]، بەواتای پرسیار یان مەسەلەیەك دەربخرێت دێت [٨]، بابەتی لێکۆڵینەوە وگفتوگۆ لەسەرکردنە [٩]،

کەناڵی ئاسمانی کوردی:مەبەست لەو کەناڵە ئاسمانیانەن لەشاری سلێمانی و هەولێرن و پەخشی ئاسمانین

بەرنامە:بەرنامە بریتی یە لە بیرۆکەیەك یان کۆمەڵێك بیرۆکە لە قاڵبێکی دیاریکراودا دادەڕێژرێت بە بەکارهێنانی وێنەو دەنگ بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو[١٠].

بەرنامەی تەلەڤزیۆنی: بریتی یە لە بیرۆکەیەك لە ڕێی تەلەفزیۆنەوە چارەسەر دەکرێت وەکو ئامرازێك کە هەمو توانایەکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی تێدایە ، پشت بە وێنەی بینراو دەبەستێت جا ئەگەر تۆمارکراو بێت یان ڕاستەوخۆ ، بەشێوەیەك کە قاڵبێکی ڕوون وەردەگرێت بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەمو لایەنەکانی لەماوەیەکی دیاریکراودا ، بەردەوام لە گەشەکردندایە و لەئاستێکی دیاریکراودا ناوەستێتەوە [١١].

**جێندەر** : بەکارهێنانی چەمکی جێندەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی،ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو پەیوەندی و جیاکارییانەی نێوان ژنان و پیاوان کەدەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان کۆمەڵگاو کەلتوورەکاندا هەیە کەبەدرێژای کات ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دەبنەوە"[١٢] ..

**جیاکاری جێندەری** :ئەم چەمکە واتا (جیاکاری دژی ژنان )و هەموو ئەو جیاکاری و چەوساندنەوەو کۆت و بەندکردن لەسەر بنەمای جێندەری دەگرێتەوەلەئاسەوارو مەبەستەکانی ئەم جیاکارییەش دانپێدانەنانە بەمافە مرۆییەکانی ژنان و سەربەستییە سەرەکییەکانێتی لە بوارەکانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەلأیەتی و کەلتووری وشارستانییەکان و لەهەر بوارێکی تردا ویان دانپێدانەنان بەو مافانەی کەژنان هەیانەو دیانەوێت مومارەسەی بکەن هەروەك لەحاڵەتی هاوسەرگیریدا [١٣] .**پێگەیاندنی جێندەری**:بەگوێرەی پێناسەی یونسیف پێگەیاندنی جێندەری هەر لەمنداڵییەوە دەستپێدەکات بریتییە لە ئالییەتی فێربوونی ڕۆڵە کەلتوورییەکان بەگوێرەی ڕەگەزکە کوڕە یان کچە هەرلەسەرەتاوە مامەڵەکردنی کوڕان و کچان لەلایەن تاکەکانی دەوروبەرییەوە لەڕووی پێشبینییەکانی کۆمەڵگا بۆکوڕان و کچان وهەڵبژاردنی یاری وئەو ئەرکانەی کەتایبەتن بە هەریەکە لەدووڕەگەزەکە بەشێوەی جیاوازەبێت ئەمانە ئالییەتی ئەو پێگەیاندنە دیاریدەکات [١٤] .

## دووەم : لایەنی تیۆری

**بەرنامەی تەلەڤزیۆنی:** بەرنامە ئەم زاراوەیە (programme )أو ( pro-gram)لە زمانی ئینگلیزیدا ، لەدووبەش پێکدێت ، PRO بەمانای "لەجیاتی" و" gram "بۆهەمان مەبەست" واتا لەجیاتی نوسین و وێنە ،

---

[٧] الدارسی اللغة الانطلیزیية ، قاموس اکسفؤرد الحدیث ،انلیزی –انکلیزی – عربی ، لا ٦٠٤

[٨] عبدالمنعم الحفنی ، المعجم الشامل ، لمصطلحات الفلسفة ، ط ٣ ، مصر ، مکتبة مدبولی الناشر ٢٠٠٠ ، لا ٧٨٩

[٩] مجمع اللغة العربية ،المعجم الفلسفی ، عالم الکتب ، بیروت ،١٩٧٩ ، لا ١٨١

[١٠] ڕێکەوتی ٢٠١٣/٧/١٠ www.saudimediaeducation.org

[١١] محمد منیر حجاب ،المعجم الاعلامی ، دار الفجر لنشر والتوزیع ، قاهرة ، ٢٠٠٤ ، لا ١٠٣

[١٢] ).(الجندر سوسیولوجیا النوع الاجتماعی،٢٠١٥ www.ar-ar.facebook.com /sociologie Gende

[١٣] سرور طالبی،مفهوم المساواة الجندر،مرکز جیل البحث العلمی،مؤسسة علمية خاصة ومستقلة،٢٠١٤،علی موقعwww.Jilrc.com

[١٤] )(برنادیت ضو واخرون،ماذا احتاج ان اعرف عن الجندر/النوع الاجتماعی؟،مؤسسةابعاد-مرکز المواردللمساواة بین الجنسین،٢٠١٢،ص١١.

یان پیاهەڵدانی شتێك[١٥]، هەروەهاprogram بە واتای بەرنامە(نەخشە)دێت، programmer یش مەبەست لەو کەسەیە کە بەرنامەکە ئامادە دەکات واتا بەرنامە ئامادەکەر[١٦]، بەرنامە "برنامج- نشره" program ئەوەیە کە بەهەرهۆیەکی بڵاوکردنەوە پەخش دەکرێت و باسی شتێك دەکات ، ئاماژەیە بۆ شێوەیەکی هونەری کاتێکی دیاریکراو بگرێتەوە ناوێکی جێگیری هەبێت ڕۆژانە یا هەفتانە یا نیومانگ و مانگانە بۆ خستنە بەرچاوی بابەتێکی هەربوارێك وهونەری پەخش بەکاربێنیت[١٧]،بەرنامەی تەلەفزیۆنی بیرۆکەیەك یان چەند بیرۆکەیەکە لەشێوە یان ڤاڵبێکی دیاریکراودا دادەڕێژرێت ، بۆ هێنانەدی ئامانجێکی داواکراو و گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو ، پێکدێت لە وشەو مۆسیقاو وێنەی زیندو وجێگیر ، دەنگ و وێنە دوو ڕەگەزی یەك تەواوکاری یەکن مرۆڤ بەکاری دێنێت بۆ پەیوەندیکردن و لەیەکگەیشتن و بەشداری لەگەڵ خەڵکانی تردا [١٨]، بریتی یە لە بیرۆکە یەك لە ڕێی تەلەفزیۆنەوە چارەسەر دەکرێت کە هەمو توانایەکی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تیایە، پشت بە وێنەی بینراو دەبەستێت  لە شێوەی ڤاڵبێکدا ولە ماوەی کاتێکی دیاریکراودا هەمولایەنەکانی چارەسەر دەکات ،بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەردەوام لە گەشەکردنایە و لە ئاستێکدا ناوەستێت ، بەپێی جیاوازی ناوەڕۆکەکەشی ڕاگەیاندن وفێرکردن وئاراستەکراوو گاڵتەئامێز وڕیکلام ئامانجەکانی دەپێکێت[١٩]  لەکۆی ئەو پێناسانەی کران ،لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێن بەرنامەی تەلەفزیۆنی ، خستنە ڕووی بیرۆکەیەکە یان بابەتێکە بە پشت بەستن بە  پسپۆڕ و پێشکەشکار ودیکۆر و مۆسیقاو وێنە ، جا میوانی نێو ستۆدیۆ هەبێت یان نا وە بەشێوەی ڕاستەخۆبێت یان نا .

**جۆرەکانی بەرنامە بە پێی ناوەڕۆك**

**ناوەڕۆکی بەرنامە دەکرێت بەچەن جۆرێکەوە [٢٠]:**

١-بەرنامە گفتوگۆییەکان: هەمو بەرنامە گفتوگۆییەکان دەگرێتەوە میوانێك بێت یان زیاتر بۆ گەیاندنی ڕاوبۆچونێك یان خستنەڕوی کێشە چارەسەرکردنی[٢١]

٢-بەرنامە هەمەڕنگەکان یان کاتبەسەربردن:مەبەست لێی گاڵتەو پێکەنین وەکو بەرنامەی گۆرانی و میوزیك و پێشبڕکێ بەمەبەستی دڵخۆشکردنی بینەر  ولەبۆنە گرنگەکاندا پشکی زۆری هەیە [٢٢].

٣-بەرنامە ئاینیەکان: ڕومالکردنی بۆنە ئاینیەکان بڕگەو بەرنامەی تایبەت بە دۆزە ئایینیەکان[٢٣].

---

[١٥] هێن مجید ،البرامج السیاسیة فی الفضائیات الکوردیة ودورها فی تشکیل الوعي السیاسی للجمهور ،تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە،٢٠١١، زانکۆی سلێمانی-بەشیڕاگەیاندن ،لا٧٧ .

[١٦] حمەڕشید قەرداغی ،فەرهەنگی ئازادی ئینگلیزی کوردی،دەزگای چاپ واحسان سلێمانی، ٢٠٠٦ ،لا ٧٥١

[١٧] جەمال عبدول، فەرهەنگی ڕاگەیاندن –ئینگلیزی-عەربی –کورد-کوردستان سلێمانی-٢٠٠٦، لا٥٢٠

[١٨] بەهات حسیب ،فن الحوار فی فچائیە گەلی کوردستان (شعب کوردستان)المچامین و الاسالیب ، بەشی ڕاگەیاندن زانکۆی سلێمانی ، ماستەرنامەی بلاو نەکراوە ، ٢٠١٠ ، لا٣٩

[١٩١٩] جلال خوالدة ،المذیع التلفزیونی التدریب والتأهیل ،دار المعتز ، عمان-الاردن،٢٠٠٤، لا ٨١

[٢٠] – عبدالنبی خزعل ، فن تحریر الاخبار والبرامج فی الفضائیات التلفزیؤنیة والقنوات الاذاعیة،دار النهضة ،بیروت ٢٠٠١- ، لا ٣٤

- جلال خوالدة ، سەرچاوەی پێشو =  ، لا ٨٦

[٢١] هەمان سەرچاوە ، لا٨٨

[٢٢] عاطف حمیدی ، و ، حکیم عوسمان کارکردن لە تەلەفزیۆندا،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،٢٠١٠ ،لا١٧٢

[٢٣] هەمان سەرچاوە ، لا١٧٠

٤-بەرنامە وەرزشیەکان: زۆر لە کەناڵەکان گرنگی زۆری پێدەدەن بە پێشکەشکردنی هەواڵی وەرزشی وبەرنامەی وەرزشی و پەخشی یارییە جیهانییەکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری بۆ سودەکانی وەرزش [٢٤].

٥- بەرنامەی دراما:ئامانجی کاتبەسەربردن وئاراستەکردنی کۆمەلآیەتیە بە پێشکەشکردنی کردارو گفتوگۆ ، چەندین هونەر لەخۆدەگرێت ،زانایانی دەرونی پێیان وایە نواندن گرنگترین ئامرازە بۆ هێنانەدی چاکبونەوەی دەرونی و کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ [٢٥].

٦-بەرنامە هەواڵیەکان (البرامج الاعلامیە)

ئامانجی ئەم بەرنامەیە ئاگادارکردنی جەماوەرە لەسەر ڕوداوەکانی ناوەوەو دەرەوە ، بۆ پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر ڕاستییەکان و ڕوداوەکان کە خۆی لە کەرەسە هەواڵیەکاندا دەبینێتەوە وەك:درێژەی هەواڵەکان کورتەی هەواڵ بابەتە خزمەتگوزارییەکان بابەتە ئابورییەکان (بازاڕی پارەو، بورصە ،وەرزش..هتد)شیکردنەوەی هەواڵ ڕاپۆرتی نێردراوان و پەیامنێران وبەرنامە هەواڵییەکانی وەك ڕۆژنامەوانی

٧-بەرنامە رۆشنبیرییەکان:

ئەو بەرنامانەن کە بیرو هزر و هونەرو پێدانی زانیاری لەسەر بوارە جیاجیاکان و دیاردە ڕۆشنبیرییەکان وەکو :بواری ئەدەبی و :زانستەکانی ،پزیشکی ،ئەندازیاری،گەردوون ،سروشت .بواری هونەری شێوەکاری ، هەڵکۆڵین ،وێنەگرتن ، مۆسیقا ، بواری مرۆڤایەتی: وەك کەسێتی و مێژویی و کۆمەڵناسی ، فەلسەفە و،سیاسەت ویاسا .بواری ئاین:قورئان ،شیکردنەوە .

٨-بەرنامە گاڵتە ئامێزەکان: بریتین لەو بەرنامانەی کە ئامانجیان کاتبەسەربردنە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئامانجی بەرنامەکەو گونجاندنی لەگەڵ کۆمەڵگە وبەرزکردنەوەی ئاستی زەوقی هونەری جەماوەر ، وەك بەرنامەی هەمەڕەنگ ، پێشبڕکێ ، نمایشی هونەری ، گۆرانی ، دراما.

**پۆلێنکردنی بەرنامە بەپێی ئامانجی کەناڵەکە [٢٦]:**

١-بەپێی ئامانج:بەرنامە ڕاگەیاندنەکان ، ڕۆشنبیرییەکان ،تەنزەکان، فێرکارییەکان ، خزمەتگوزارییەکان دەگرێتەوە.

٢-بە پێی بابەت:وەکو سیاسی ،ئابوری ، فێرکاری ، ئاینی ، تەندروستی ، ئەدەبی ، زانستی ، هونەری ، وەرزشی .

٣-بە پێی جەماوەر:وەکو بەرنامەی منالآن ، منالی پێش خوێندن ، پاش خوێندن، گەنجان ، کرێکاران ، بەسالآچووان ، ژنان .

٤-بەپێی خولی پەخش :ڕۆژانە ، هەفتانە،دووهەفتەجارێك .

٥- = کاتی پەخش :بەیانیان ، نیوەڕوان ، شەوان.

٦- = زمان:زمانی گشتی ،بیانی ، وەرگێڕدراو .

٧- = شێوە یان قالب : گفتوگۆ بەدواداچون ، گۆڤار ،

---

[٢٤] جلال خوالدة ، سەرچاوەی پێشو ، ،لا٨٧

[٢٥] هەمان سەرچاوە ، لا٨٤

[٢٦] – نسمة أحمد البطریق ،الکتابة الاذاعیة والتلفزیونیة،جامعة القاهرة ، ٢٠٠٠ ، لا ٤٠

– بەرواری ٢٠١٣/٧/١٥ ، www.saudimediaeducation.org

**بەرنامەی پەیڤین (حوار)**

بەرنامەی (حوار) پەیڤین* دەکرێت بەچەند جۆرێکەوە:

**یەکەم-پەیڤینی ئاڵو گۆڕی بیروڕا (حوار الرأی):** مەبەستی زانینی ڕاوبۆچونی کەسانی گشتی و تایبەتمەندە لەسەر هەر بابەتێك کە گرنگ بێت لای ڕای گشتی بەوەرگرتنی ڕای بەرپرسان یان هاوڵاتی، لێرەدا وەرگرتنی ڕای هاوڵاتی ئامانجی سەرەکییە و بەسودە چونکە ئەوان خاوەنی کێشەن ئاشکرایە ڕای کەسانی بەرپرس چییە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەێنێت کە ڕای ئەوانیش بەسود نەبێت ، پێویستیش ناکات بابەتەکە بەشێوەی ئەکادیمی و ئاڵۆز بخرێتە ڕوو، پێشکەشکاردەبێت لە نێو هاوڵاتیدا بێت تا هەست بەکێشەکانیان بکات ، هاوکاتیش ئەوکاتەی تیادا پەخش دەکرێت لەگەڵ سروشتی جەماوەر گرنگن بۆ ئەم جۆرە بەرنامەیە [27]،

پێویستە پێشکەشکار لەبەرنامەی پەیڤیندا ڕەچاوی ئەمانە بکات[28]:

١-پێویستە پێشکەشکار ترس لە دڵی میوان نەهێڵێت ئەمەش پێویستی بە لێهاتوییە.

٢-دەبێت پرسیارەکان بەشێوەیەك دابڕێژرێت وەڵامەکەی داخراو نەبێت واتا (بەڵێ و نەخێر) ئەگەر ڕویشیدا ئەوا لەمیوان داوا بکرێت ڕونکردنەوەی زیاتر بدات.

٣-نابێت پرسیارەکان مانا بەخش بێت چونکە ئەنجامی خراپی دەبێت ، پێشکەشکار بێلایەن بێت.

٤- پێویستە پێشکەشکار گوێگرێکی باش بێت ونابێت بە شێوەی کتوپڕ لە پرسیارێکەوە بچێتەسەر پرسیارێکی تر بەڵکو پرسیارەکەی ببەستێت بە باسی پێشترەوە

**دووەم-پەیڤینی زانیاری (حوار المعلومات):**

ئەو جۆرە پەیڤینەیە هەوڵ دەدات بۆ پێدانی زانیاری بە هاوڵاتیان لەسەر بابەتەکانی گەنجان و جوتیاران و کرێکاران و تەندروستی و خزمەتگوزاری ، ئەم جۆرە بەرنامەیە مادام ئامانجی پێدانی زانیارییە پێویستە زۆر بەباشی ئامادەکاری بۆ بکرێت بە نوسینەوەی پرسیارەکان و ئامادەکردنی داتاو ئامارو هەر شتێکی دیکە کە پەیوەندی بەبابەتەکەوە هەبێت ، [29]

**سێیەم :پەیڤینی کەسایەتی (حوار الشخصیات) :**

وەك لە ناونیشانەکەوە دیارە ئەم جۆرە پەیڤینە بنەماکەی کەسایەتییە لێرەدا گرنگ نییە کەسایەتیەکی دیاری نێو کۆمەڵگەیە وەکو هونەرمەند یان زانا ، یان کەسایەتیەکی گرنگە بەهۆی ڕوداوێکەوە وەکو ڕزگاربونی کەسێك لە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەك ، لێرەدا پێشکەشکار دەبێت نەرمونیانی زمانی قسەکردنی لەگەڵ تەوەرەکەدا بگونجێت ، هەندێ پرسیاری بریندارکردن هەن نابێت لەمیوان بکرێت وەکو لەسەر چی لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە بەڵام ئەگەر خۆی ئامادەیی تیابێت قسەی لەسەر بکات ئەوە ئاساییە [30].

---

* حوار :پەیڤین:بەو وتووێژە دەڵێن لە نێوان دوو کەس یان زۆرتردایە بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی بیرو ڕا / جەمال عبدول ، فەرهەنگی ڕاگەیاندن –ئینگلیزی-عەربی –کورد-کوردستان سلێمانی-٢٠٠٦ ، ل١٨٦

[27] عیسی محمود ، الاذاعة والبرامج الجماهیریة ، دار زهران لنشر والتزیع ، لاردن –عمان ،٢٠٠٩ ، ل ٩٢ .

[28] أمیرة الحسینی ، فن الکتابة للاذاعة والتلفزیون ،دار النهضة العربیة ، بیروت –لبنان ،٢٠٠٥ ، ل ١٢٦ .

[29] عیسی محمود الحسن ، هەمان سەرچاوە ، ل ٩٩

[30] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢

**بەرنامەی گفتوگۆیی ( برامج المناقشات )** [٣١]**:**

**لە یەکچونێك لەنێوان بەرنامە گفتوگۆییەکان و چاوپێکەوتنەکاندا لە ڕوی شێوەوە هەیە ، بەڵام لە ناوەڕۆك و خستنەڕوو پێشکەشکردندا جیاوازن ، گرنگی ئەم بەرنامەیەش لە جۆری بابەتەکەو چۆنێتی خستنەڕووی دایە، پێشکەشکار تەوەری بابەتەکان ڕێکدەخات وگرنگییەکەی بۆ بینەر دەخاتە ڕوو ، هەروەها پێشینەیەکی کورتیش لەسەری دەخاتە ڕوو دواتریش میوانەکان بە جەماوەر دەناسینێت ، سەرکەوتنی ئەم بەرنامەش بەندە بە بەڕێوەبەری بەرنامەکە کە دەبێت لە پێشکەشکارە سەرکەوتووەکان بێت خاوەنی ئەزمون و ڕۆشنبیری یەکی فراوان بێت.دەکرێت بەچەن بەشێکەوە:**

**تەلەڤزیۆن**

**تەلەڤزیۆن وشەیەکی تێکەڵە لە (tele)واتا لەدورەوە و(visione) واتا بینین ،واتا لەدوورەوە بینین ، بەڵام لە ڕووی زانستیەوە واتا ناردن و وەرگرتنی دەنگ و ڕەنگ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەهۆی مەوجاتی کەهرۆموگناتیسی و کابلات** [٣٢]**، تەلەڤزیۆن بە ئامرازێکی گرنگی ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری دادەنرێت ، کە لە سەدەی (٢٠) دا دەرکەوت چەند تایبەتمەندیەکی هەیە پێوەی دەناسرێت ، کە ئەوانیش دەنگ و وێنەو جوڵەیە بۆ خەڵکێکی زۆر دەدوێت بەجیاوازی ئاستیانەوە** [٣٣]**یەکەم کەس کە دەرکەوتنی تەلەفزیۆنی دەرخست ئەلیکسندر داموند بو ساڵی (١٨٣٩) لەرێی تێبینیەکانیەوە بو بۆ بونی ئەو تایبەتمەندیانەی کە (ئەلیکترۆکیمیاویەکان) هەیبو بۆ ڕوناکی** [٣٤] **،هەرلەوماوەیەشدا مارکۆنی سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە ناردن و وەرگرتنی دەنگ ، دوای ئەویش(ئالن دیمونت) شاشەی تەلەفزیونی داهێنا و دواتر زانای بەریتانی جۆن بێرد لە ساڵی ١٩٢٦بیرۆکەی تەلەفزیۆنی داناو یەکەم دیزاینی تەلەفزیۆن دانرا** [٣٥]**، یەکەم هەواڵی داهێنانی تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگیش لەجیهاندا ساڵی ١٩٠٢ بوو لەلایەن زانایەکی ئەڵمانی هەروەها یەکەم پەخشی ڕەنگاوڕەنگیش لە جیهاندا ساڵی ١٩٥٤ لە نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بو** [٣٦]**، تەلەفزیۆن لەگەڵ جەماوەرێکی بەرفراوانی نەناسراوو جیاواز لە ڕوی ڕۆشنبیری و ئاستی خوێندەواری و تەمەن و ئاین وپێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕەگەز شوێنی جوگرافی و تایبەتمەندییە دەرونیەکان و کۆمەڵایەتیەکان دەدوێت** [٣٧] **.**

**زانایانی بواری ڕاگەیاندن پێیان وایە تەلەڤزیۆن لەدایکبوی شانۆو سینەماو ڕادیۆیە ،لەبەرئەوەی سودی لەو ئامرازانە وەرگرتوە کە پێش ئەو دەرکەوتون ، هەندێکیش وای دەبینن کە تەلەفزیۆن بەسەر هەمو ئامرازە جەماوەریەکانی پێش خۆیدا سەردەکەوێت ئەم تایبەتمەندبانەیان لێوەردەگرێت** [٣٨]**:**

**١-دەنگی ئیزگە .**

**٢-زیندویی نمایشی شانۆیی .**

[٣١] مصطفى حميد كاظم الطائى ، الفنون الاذاعية والتلفزيون فلسفة الاقناع ،دار الوفاء لدنيا للطباعة والنشر ، ٢٠٠٧، ل٢٨٧.

[٣٢] فضل دليو ، الاتصال ، مفاهيمه –نظرياته –وسائله، دارالفجر للنشر والتوزيع القاهرة -،مصر،٢٠٠٣، ل ١٥٨ .

[٣٣] محمودعبالله الخوالدة ،حسين على عموش،علم النقس السياسى والاعلامى،دار الحامد لنشر ،٢٠٠٩ ، الاردن ،ل٢٢ .

[٣٤] حمدان محمد المصالحة ،، اتصال السياسى مقترب نظرى تطبيق ،دار الوائل لنشر ، ط٢ عمان-الاردن،٢٠٠٢، ل ١١٠ .

[٣٥] رحيمةالطيب عيسانى،مدخل الى الاعلام والاتصال المفاهيم الاساسية والوظائف الجديدةفى عصر العولمة الاعلامية، ل١٠٧

[٣٦] محمد منير حجاب ، وسائل الاتصال نشأتها وتطورها ، دار الفجر لنشر والتوزيع ،قاهرة ، ٢٠٠٨ ، ل٢٠٤

[٣٧] محمد فلحى ، صناعة العقل فى عصر الشاشة، دار العلمية و دار الثقافة لنشر والتوزيع ، ٢٠٠٢ ، ل ٣١ .

[٣٨] كرم شلبى ، فن كتابة الراديو والتلفزيون ،الجدة ، دار الشروق ، ١٩٨٧ ، ل

٣-تەكنیكی بەكارهێنراوی سینەمایی

**چەمكی جۆری كۆمەڵایەتی**

جێندەر بونیادی كۆمەڵایەتی هزرەكانە كەبە ڕۆڵەكان و سیستمی بیروباوەڕەكان و هەڵوێست و وێنەو بەها و پێشبینییەكانی ژن و پیاو ناسراوە،كەبەشێوەیەكی گشتی بە پەیوەندییەكانی هێزی نێوان ژن و پیاوەوە بەتەنها نەوەستاوە بەڵكو بەپەیوەندی هێزی نێوان هەموو گروپەكانەوە بەستراوەتەوە كە دەرئەنجامی زۆر لە كێشە كۆمەڵایەتیەكانە، لەكەلتورە جیاوازەكاندا بیرۆكەی جیاواز هەیە دەربارەی جێندەر كە كامە گونجاوە بۆ پیاو كامە گونجاوە بۆ ژن  پێی هەستن ، ئەوەی پێویستە ئەوەیە جێندەر بەتەنها لەكەلتورێكەوە بۆ كەلتورێكی تر جیاواز نییە بەڵكو لەگەڵ كاتیشدا گۆڕانی بەسەردا دێت یان لەكەلتورێكدا گۆڕانی بەسەردا دێت بەهۆی بوونی ئەو قەیرانەوە [٣٩] ، یان ووشەی جێندەر لەلایەن كۆمەڵێك  خاوەن ئەزموونەوە لەسەنتەری (كەوسەر)ی ژنان بۆ ڕاهێنان و توێژینەوە بەم شێوەیە پێناسەیان بۆ كردووە بریتییە لە جیاوازی ڕۆڵەكان(ماف و ئەرك و پابەندبوون) و پەیوەندی  بەرپرسیارێتی و وێنەوە ، پێگەی ژن و پیاو لەڕووی كۆمەڵایەتی و كەلتوورییەوە كەئەمەش  بەپێیّ ی پەرەسەندنی مێژووی كۆمەڵگایەك یان هەموو كۆمەڵگاكان دیاریدەكرێت و كەڕووبەڕووی گۆڕانكارییەكان دەبنەوە [٤٠] ،.هەروەها مامۆستای ئەنسرۆپۆلۆژی (ئان ئۆكلی) كەئەم چەمكەی هێنایە ناو كۆمەڵناسییەوە ووشەیsexئەگەر وەریگێڕین واتە ڕەگەز واتە ئایا ئەوە نێرە یان مێیە بەمانای دابەشبوونی بایۆلۆژی دێت هەروەها ئاماژەدانیش بە ووشەی جێندەر واتە لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە دابەشبوونێكی ناهاوسەنگی بۆ نێرینەیی و مێینەی ئەم چەمكە ئاماژەیە بۆ ئەو شێوە و وێنە نەمەتیی وكەلتوریانە بۆ پیاوان و ژنان [٤١] .

بنەماكانی چەمكی جێندەر:

١-ڕۆڵی ژن وپیاوە لەڕووی ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەلتووری و [٤٢]زیاترلەوانە لەڕووی بایۆلۆژییەوە دیاریكراوە.

٢-دووبارە دابەشكردنەوەی ڕۆڵەكان لەنێوان ژن وپیاو لە كۆمەڵگادا لەو ڕوەوە چەمكی بەشداریكردنەوە كە سوودێكی زۆری  بۆ كۆمەڵگا دەبێت

٣-پێدانی هەلی تەواو بە پیاوان و ژنان بۆ دەرخستنی توانا شاراوەكانیان و شارەزای و لێهاتووییان و هەستانیان بە ڕۆڵێكی تازە  كەئەمە بەسوود و قازانجی كۆمەڵگایە [٤٣] .

چەمكی جێندەر یان جۆری كۆمەڵایەتی لەسەر ئەم فاكتەرانە وەستاوە:

١-زانین و شیكردنەوەی ئەو پەیوەندییە جیاوازانەی كەلەنێوان پیاو ژندا هەیە.

٢-دیاریكردنی هۆكارو شێوەكانی نەبوونی هاوسەنگی لە پەیوەندییەكانی نێوان ژنان و پیاوانەوەهەوڵدان بۆ گرتنەبەری ئەو ڕیو شوێنانە بۆ چارەسەركردنی ئەو ناهاوسەنگییە.

---

[٣٩] )ماهو الجندر،الجماعة الدولیة للمصالحة برنامج النساء صانعات السلام ،على وقعwww.ifor.org/

[٤٠] سیما عدنان ابو رموز،رسالة ماجستیر منشورة على موقع صید الفوائد،لقدس-فلسطین،٢٠٠٥،ص٧،www.saaid.net

[٤١] )د.نورة السعد،الجندر..المفهوم والغایة،جریدة الریاض ٢٠٠٤،على موقع الالكترونیwww.alriyadh.com

[٤٢] سیما عدنان ابو رموز،المصدر السابق،ص٧.

[٤٣] على سركیس،الجندر،منتدى الحصاحیص العام،٢٠٠٩،على موقع الالكترونیwww.alhasahisa.com

٣-پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ژنان وپیاوان لەڕووی دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان ئەو دوو جۆرە لەلایەك و لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاش لەلایکی ترەوە [٤٤]

**جیاوازی لەنێوان ڕەگەزو جۆر:**

لەبەرامبەر چەمکی جۆر یان جێندەردا چەمکی ڕەگەز هەیە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا هەیە،چەمکی ڕەگەز بەستراوەتەوە بەخاسیەتە بایۆلۆژییە دیاریکراوەکانەوە کەپیاو لە ژن جیادەکاتەوە ،گۆڕانیشی بەسەردا نایەت هەتا ئەگەر کەلتوورەکانیش بگۆڕێن یان کات و شوێنیش بگۆڕێت،لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی جۆر ئاماژەیە بۆ ژن و پیاو لەبەرئەوە بۆ دراسەکردنی بارودۆخی ژنان بەشێوەیەکی تایبەتی یان وەك دەروازەیەك بۆ بابەتی ژنان لەگەشەپێداندابەکاردەهێنرێت، لەلایەکی ترەوەئەم چەمکە باس لە ئیستغلال کردنی ژن لەلایەن پیاوەوە دەکات کەئەمە یەکێك بوو بۆ بۆ دەرخستنی جۆرەکانی ململانێ و هەربۆیە پێویستە تەرکیزبخرێتە سەر مەسەلەکانی یەکسانی ژنان و مافەکانی مرۆڤ [٤٥] ، چەمکی ڕەگەز واتە ئەو جیاوازییە بایۆلۆژی وفسیۆلۆژی و دەروونیانەی کە پەیوەندییان هەیە بە جیاوازی کرومۆسۆم و هۆرمۆنەکان و ئەندامی زاوزێ ی ناوەوەو دەرەوەی دوو ڕەگەزەکە[٤٦] ،واتە ڕەگەز لەسەر جیاکارییە بایۆلۆژیی و سروشتییەکانی نێوان پیاوان و ژنان وەستاوەو لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك دەبێت و ناگۆڕێت و وەزیفەکانیان سنوردارن، بەڵام چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی وەستاوە لەسەر ڕۆڵەکانی ژن و پیاو ئەو پەیوەندییانەی کەبەهۆی ئەو ڕۆڵانەوە پێکدێت و پێکهاتنی ئەو پەیوەندییانەش کۆمەڵایەتین و لەڕووی بایۆلۆژییەوە دیاریکراو نین ،واتە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگا دروستی کردووەجیاوازەلەکۆمەڵگایەکەوەبۆیەکێکی تر سەرباری ڕۆڵە بایۆلۆژییەکان ، کۆمەڵگا پێشبینی ئەو هەڵسوکەوت و شێوانە دەکات کە بۆ هەریەکە لە نێریان مێێ دیاریکراوە کەهەر یەکێکیان ڕۆڵێکی سنوردariyan هەبێت ئەو ڕۆڵانەش لەدروستکراوی مرۆڤن و لەگەڵیا لەدایك نەبوون [٤٧] .

هەربۆیە جۆری کۆمەڵایەتی(الجندر) قابیلی گۆڕانە ئەویش بەهۆی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە کەهەر لەیەکەم ڕۆژ کە منداڵ لەدایك دەبێت دەستپێدەکات هەتا مرۆڤ لەژیاندا بێت ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت ، بۆیە ئەو شێوازانەی کەکچان و کوڕانی پێێ پەروەردە دەکرێن کاریگەری دەبێت لەسەر بیرکردنەوەوو هەڵسوکەوت و ڕەفتارییان و ڕەنگدەداتەوە لەسەر ڕۆڵ و وەزیفەو کارەکانیان کەلە کاتی کامڵبوونیاندا هاندەدرێن بەو کارو ڕۆڵانە هەستن جگە لەوئینتباعە گشتییەی کەلای هەموو کۆمەڵگا هەیە کەبریتییە لەو وێنە تەقلیدی و نەمەتییانەی کەبۆ ژن کێشراوە ئەو وێنانەش کە ڕاگەیاندنەکان بۆ ژن و پیاویان کێشاوە جیاوازە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ترو لەکەلتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر ،جگەلەوەی کۆمەڵێك فاکتەر کاریگەرییان هەیە لەسەر بارودۆخ وڕۆڵەکانی هەریەکە لەژن و پیاو لەکۆمەڵگادا ئەوانیش تەمەن و ئاستی خوێندن و داب و نەریتی کۆمەڵگاو کات و شوێنی جوگرافیای ئەو کۆمەڵگایە..هتد[٤٨]

---

[٤٤] علی سرکیس،الجندر،منتدی الحصاحیص العام،٢٠٠٩،علی موقع الالکترونیwww.alhasahisa.com

[٤٥] عزة شرارة بیضون ،الجندر ماذا تقولین...؟الشائع والواقع فی احوال النساء،دار الساقی،بیروت،٢٠١٢،ص٣٦.

[٤٦] د.عصمت محمد حوسو،الجندر(الابعاد الاجتماعیة والثقافیة)،ط١،دار الشروق للنشر واتالتوزیع،عمان،٢٠٠٩،ص٨٣.

[٤٧] د.یولاند نوفل،الجندر،المرکز التربوی للبحوث والانماء،علی موقع الالکترونیwww.crdp.org/ar/policy

[٤٨] د.یولاند نوفل،الجندر،المرکز التربوی للبحوث والانماء،علی موقع الالکترونیwww.crdp.org/ar/policy

مێژووی چەمکی جێندەر: چەمکی جێندەر وەك بەردی بناغەی زۆر لە بەندەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مەسەلەکانی ژنان و گەنجان و منداڵان لە نێوەندی دژایەتیکردنی جیاکارییەکان دژ بە ژنان وە بەرگریکردن لە مافەکانیان دادەنرێت ،چەمکی جۆری کۆمەلأیەتی لەچەمکی جێندەری gender ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە کەبەچەندین شێواز لەزمانی عەرەبیدا وەرگێڕاوە ئەم چەمکە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە تیۆرەکانی ژنانی ڕۆژئاواییەوە سەری هەڵداوە دوابەدوای ئەمەش لە ئەدەبیات و بەرنامەکانی گەشەپێدان و وەرگێڕاوەکانی بۆ ژنانی عەرەبی باسی لێوەکراوەو دواتر وەرگێڕانی چەمکی جێندەر بە هێڵێکی کورت وەرگێڕاوەو کە بە (جۆری کۆمەلأیەتی )دەردەبڕێت کەئەم وەرگێڕانە لەهەموو بوارەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت،لەگەڵ ئەم کورتکردنەوەیەشدا هەندێك کات لەچوارچێوەی دراساتە کەلتوورییەکاندا شێوازی (جۆر) بەکاردەهێنرێت [49] بەلأم ناڕوونیەك لەوەرگێڕانی ئەم چەمکەدا هەبوو هەندێك کاتیش هاومانای ووشەی جێندەر بریتی بوو لە جۆری کۆمەلأیەتی ،ڕۆڵی کۆمەلأیەتی،ڕەگەزی بایۆلۆژی،ئەسڵی ووشەی جێندەریش لەلاتینییەوە لەووشەی genusوەرگیراوە کەبەمانای ڕەگەز دێت ، لەڕووی نێرینەیی و مێینەییەوە،زانای ئەنسرۆپۆلۆژی (ئۆکلی) یەکەم کەس بوو کەئەم چەمکەی هێنایە ناو کۆمەڵناسییەوە ووشەی sexبەم شێوەیە وەرگێڕاوە کە ڕەگەز واتە لەڕووی بایۆلۆژییەووە ئایا نێرە یان مێیە بەلأم ووشەی جێندەر ئاماژەیە بەو دابەشبوونە ناهاوسەنگەیەی کەلەڕووی کۆمەلأیەتییەوە بۆنێرینەیی و مێینەیی کراوە [50] .چەمکی جێندەر ڕەگ و ڕیشەی مێژوی خۆی هەیە کە لە بزوتنەوەی ڕزگاری ژنان لە ڕۆژئاوا و بزوتنەوەکانی ژنان (فیمینزم (Feminism)) دەستی پێکرد ،سەرەتای دەستپێکردنی ئەم بزوتنەوەیە واتە یەکەم تەوژمی ژنان لە ساڵی ١٨٣٠وە بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٢٠بایەخی ژنانی بەشداربووی ئەم بزووتنەوەیە بۆ گەیشتن بوو بە مافە مەدەنییەکانی ژنان لە کۆمەڵگاکانیاندا ئاراستەی ئەم بزووتنەوەیەش لەو کاتەدا ئاراستەیەکی لیبراڵی بوو هەوڵی دەدا لە پێناو جەخت کردنەوە لە یەکسانی ، بەلأم تەوژمی دووەم لە بزوتنەوەی ژنان مێژووەکەی لە ساڵی ١٩٦٣ ئەم قۆناغە بەوە جیادەکرێتەوە کە گروپەکانی بزووتنەوەی ژنان بە هەموو ئینگلتەرا و فەرەنساو ئەمریکادا بلأوبوونەوە وورده وورده مەسەلەکانی ژنان بە هەموو دامەزراوە ئەکادیمییەکانشدا بلأوبووەوە ئنجا بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ ئەوەی قۆناغەکانی جیاواز بوون ئەوانەش کە پاڵپشتی و بەرگرییان لێدەکرد تەنها لەپێناو نەهێشتنی جیاکارییەکان دژ بە ژنان بوو لە جیهاندا [51].هەربۆیە یەکەم پێناسە بۆ چەمکی جێندەر لە کۆنگرەی قاهیرە بۆدانیشتوان لەساڵی١٩٩٤ دەرکەوت بەمانای جۆر یان ڕەگەز واتە نێر یان مێ ،ئنجا ئەم چەمکە (جێندەر)لە کۆنگرەی بەکین ساڵی ١٩٩٥ جاریکی تر گەڕایەوە [52]،هەموو ئەو بەڵگەنامەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیانە زۆر شتی باش و خراپی لەخۆ گرتبوو کە زەمینەیەکی باش دەڕەخسێنێت دەتوانێت هەموو مرۆڤایەتی لەسەری بوەستێت سەرەڕای ئەوەی کە ئەو شتانەش پەیوەندییان بەباشترکردنی بارودۆخی ژنان یان پەیوەندییان بە کێشەکانی کۆچکردن و ژینگەوە هەبوو هەربۆیە تێکەلأوییەك لەنێوان شتە باش و

---

[4949] د.هالةكمال،النوعالاجتماعى(الجندر):التنوعالثقافىوالخصوصيةالثقافية،ص١،علىموقع الالكترونیwww.scholar.cu.edu.eg/?q=halakamal/publication

[50] د.نورة السعد،الجندر..المفهوم والغاية،جريدة الرياض ٢٠٠٤،على موقع الالكترونیwww.alriyadh.com

[51] امال قرامى،الاختلاف فى الثقافة العربية الاسلامية،مقاربة جندرية،دار المدار الاسلامى،بيروت،٢٠٠٧،ص١٥.

[52] طارق ديلوانى،تعالوا معا لنتعرف على ما يعرف الجندر،٢٠١٣،عمان،http//ar-ar.facebook.com/permalink.php?story

خراپەکاندا ڕوودەدات که دەکرێت ڕێکەوتنی کۆتای لەسەر بکرێت کە لەم بەڵگەنامانەدا ئەم جۆرە شتانە هاتووە کەهەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر مێینەیی توندڕەو هەبوو لەوانەش قسەکردن لەسەر یەکسانی ڕەها لەنێوان هردوو ڕەگەزەکە هەڵوەشانەوەی هەموو جیاکارییەکانی نێوانیان .[٥٣] وەهەڵوەشانەوەیتایبەتمەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەزەکە

تێگەیشتن له چەمکی جێندەر لەم خاڵە گرنگانەدا خۆی دەبینێتەوە:

(١) جێندەر پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتورییە، واتە پرۆسەی بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بە بەردەوامی دەبێت بە شێوەیەك لە هەموو کلتورو کاتەکاندا جیاواز دەبێت و کەوا لەسەر شێوەی ڕۆڵ و ڕەفتارەکان مومارەسە دەکرێت بە تەنها لە قسە کردندا تەعبیری لێناکرێت.

(٢) جێندەر سیستەمێکە لە مومارەساتی بەیەکداچوو کە تاکەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ مومارەسەی دەکەن ، چەمکی جێندەر خەسڵەتەکانی تاکانە نییە بەڵکو کۆمەڵێك لە سیفات و هەڵسوکەوتە کە لە هەموو ئاستەکانی بونیادی کۆمەڵایەتیدا هەیە.تاکەکان هەر لە منداڵییەوە بەگوێرەی ڕەگەزەکانیان خۆیاندەنوێنن [٥٤]

ڕەهەندەکانی چەمکی جێندەر:

١-جێندەر تیشك دەخاتە سەر دابەشبوونی کار کەلە نێوان ژن و پیاودایە لەسەربنەمای جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی نێوانیان بۆیە ئەمە ستەمێکە لەژن کە ڕۆڵەکەی تەنها لەناو ماڵدا کورتبۆتەوە بۆ چێشتلێنان و منداڵبون وچادێریکردنی منداڵ دواتریش زیندانی کردنی ژن بەو ڕۆلە دیاریکروەوە کە دایکایەتییە وایکردووە لەئاستی پەراوێزیدا بێت بەردەوامیش ڕۆڵی زاڵبوون وبەڕێوەبردنی داوە بەسەر پیاوانداو بۆیە جێندەر پێویستە بۆ ڕزگارکردنی ژنان لوە زیندانی دایکایەتییەو وەرگرتنی دەسەڵاتی تەواو یەکسانی لەگەڵ پیاودابەلاَم ڕۆڵی دایکایەتی دەوڵەت دەتوانێت بەو ئەرکە هەستێت لەڕێگەی چاودێری کۆمەڵایەتیەوە کەباوەش بۆ منداڵ بکاتەوە بەبێ ئەوەی پێویست بە خێزان بێت [٥٥]

